کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-12-2006 12:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# وەڵامێکی ناسکانەتر بۆ سلاڤەهەولێری ... تارا

من حەز ئەکەم ئاماژەبۆ ئەوەبکەم کەلەبەر ئەوەی قوتابی زانکۆم و لەهەمان کاتیش دا کار دەکەم بەدا خەوەکاتم زۆر کەمەبۆ خوێندنەوەهەر لەبەر ئەوەشەکەنوسینم کەمەوەجونکەدەزانم کەنوسەر دەبێت زۆر بخوێنێتەوەبۆ ئەوەی ببێت بەنوسەر ێکی باش، جا ئەمەش مانای ئەوەنییەبڕوام وابێت نوسەرم نەخێر بەڵکو وەک جەنابت دەڵێیت قازم لەو بوارەدا.. بۆیەزۆر ئاساییەکەئەوەی دەینوسم کاڵ و کرچ بێت وەمەرجەکانی نوسینی تێدا نەبێت بەڵام ئەوەی بەلامەوەگرنگەقەناعەتم بەوەهەیەکەدەینوسم و دەیڵێم گرنگ نییەکەسیشم لەگەڵ نەبێت.

ئەمرۆ یەکەم بابەتی کوردستان نێت کەسەرنجی ڕاکێشام (کێشەکە، دەستکردی بێکەرو مێکەر نییەکۆمەڵگەی کوردەکە، خۆی نەخۆش و سەقەتە. ی. جەمال نەبەز) بوو پاشان بابەت ی (وەڵامێکی زۆر نەرم بۆ هەندێ رەخنەی زۆر رەق. ی. ستیڤان شەمزینانی) کەبەڕاستی زۆر زۆرم پێ جوان بوون و ڕایان وەستانم و زۆریش خستمیانەبیرکردنەوە، لەهەمان کاتیش دا بێ هیوا بووم هەم لەسەرکردایەتی و هەم لەتاکی کورد دەمگووت ئەوەبۆچی ئێمەهەر دەبێت بەشمان خەم و کەسەر بێت و هەمیشەلەبەر باس کردن و ڕیز کردنی خاڵەنێگەتیڤەکانمان هەست بەهیچ پۆزەتیڤیتی یەک نەکەین؟ بۆچی هەمیشەخاڵەپۆزەتیڤەکانی ژیانمان ئەوەندەکەمەلەبەر ئەو هەموو داماویەو پەنجەخستنەسەرو باس کردنیان کاتمان لێ نامێنێتەوەبۆ ناوهێنانیان (مەگەر ڕاگەیاندنەچەواشەو ساختەکارەکانی پارتەدەسەلات دارەکان کەچەواشەی جەما وەری پێ دەکەن کەچیتر نەک بڕوامان پێ یان نییـــەبەڵکو چەنا ڵەکانیشیان دەسڕینەوەتا سەرمان بەدرۆو پیا هەڵدانییەسەدامییەکانیان نەیەشێت) !

جا باش بوو دوای ئەوانەوەڵامەکەی جەنابیشتم بەرچاو کەوت بۆ خۆم پێ کەنینم دەهات بەوەی نازانیت پێم بڵێیت کاک یان خان! ئایا لەئافرەتێک ڕانابینیت کەبتوانێت چەند دێڕێک بنوسێت (کەبەڕاستی منیش دڵنیا نەبووم لەوەی کەسلاڤەئافرەتەیا پیاو) بەڵام بەهەندێک لەوەڵامەکانت دا ئەمرۆ وا تێدەگەم کەکاک بیت، بەهەر حاڵ ئەوەیان مەسەلەیەک نییـــە، نامەوێ بیکەم بەوەڵام و وەڵام دانەوەبەڵام چەندوەڵامێکت بۆ دەنێرم بەو هیوایەی کە(هەرکەسیت) بڕوا بکەیت بەوەی دەیڵێم و ئیتر بەچاویلکـەی ڕەشەوەسەیری بابەتەکانم نەکەیت (ئەگەر بابەتم هەبێت) .

1. دڵنیا بەلەوەی نـــە بەناو تارایەکم کەتووش کرابم بۆ وەڵام دانەو نەکاک تاراشم وەک ئەوەت داوەتەپاڵم، بەڵکو تارا (خان) یەکی سەربەخۆم و وەک دەیەها خەڵکی بەویژدان و دڵسۆزی دوو ڕەووڵات لەخەمی گەل و نەتەوەکەمدا دەژیم و هەرگیز دووریم لێیان بۆ تەنها ساتێکیش لەسۆزو خۆشەویستـــی ئەوانی دانەبڕیوم، لەبەر ئەوەی تا ئێستا نەمتوانیوەلەهیچ بوارێکی تـــردا خزمەتیان پێ بکەم بۆیـــەدەمەوێ بەم ڕێگایەبتوانم هەندێ لەباری سەرشانم سووک کەم لەخزمەتیان دا (ئەگەر لەسەری بەرد با ران نەکرێم و وەک ستیڤان شەمزینانی نەدرێمەبەرهەڕەشەو جنێودان) .

2. سەبارەت بەوەی کەدەڵێیت کەئەسڵەن نازانم چیم نوسیوەو لەهەندی ووشەی داڕشتن زیاتـر هیچم نەنوسیوە، ئەوەلەبەر ئەوەی کەمن وەک خۆت دەڵێیت لەبواری نوسین دا هێشتا قازم وەزۆر ئاساییەکەکاڵ و کرچ بێت دەشڵێم لەوانەیەڕاست بکەیت تەنها داڕشتن بێت بەڵام قەناعەتمن وەبـــڕوام وایەڕاستم گووتووەوەبۆ چۆنیەتی نوسینەکەشی من هەر ئەوەندەلێهاتنم تێدایەلەم قۆناغەدا بەڵام مانـای ئەوەنییەکەنەنوسم چونکەهیچ کەسێک بێ کەموو کوڕی نییەو کەسیش لەپڕێ نابێت بەکوڕێک وەسوپاسی هەر کەسێکیش دەکەم کەهەر ڕەخنەو تێبینییەکم ئاراستەبکات (بەمەرجێ ڕووخێنەر نەبێت) و ئامانجیان جوان بێت، پێویستەئەوەش بڵێم کەنوسینەکانی تۆش (کەوەک خۆت دەڵێیت

ڕۆژنامەنوسیت) ئەگەر لەم شێوازەنوسین و داڕشتنەبێت ئەوەندەش نوسەر نیت کەخۆت بڕوات وایە، مەگەر لەجنێو بەنەیارانت و پیاهەڵدانی دۆستانتدا!

3. گوایەتۆ شتی زۆر لەوەگرنگ ترت نوسیوەو من وەڵامم نەداویتەوە، من ئەو چەند تێبینییەم هەبوو لەسەر نوسینەکەت و ئاراستەم کردوویت، تۆ چۆن بیر دەکەیتەوەئازادیت، گرنگ ئەوەیەمـــن پێت دەڵێم و دڵنیات دەکەم کەمنیش دەمڕاستی کەس نیم ونەک هیچ کەسێک لەپشتی نو سینەکەمەوەنەبووەو نەکوردستان پۆست و نەبەڕێز دکتۆر کەمال ی سەید قادر و نەهیچ دەست و لایەنێک ئاگاداری نوسینی من نەبوون و بەڵکو ئەسڵەن چەندەتۆ دەناسم ئەوەندەش ئەوان دەناسم، وەمەگەر وێنەیانم لەسەر ماڵپەڕەکان دیبێت ئەگینا شێوەشیان نازانم چۆنە، بەڵام وەک ووتوومەدووبارەشی ئەکەمەوەکەبەڵێ زۆر نوسینەکانیانم لاپەسەندەخوێنەرێکی هەمیشەیی بابەتەکانیانم (بەتا یبەتی دکتۆر کەمال) کەڕوو بەڕووی ئازارو ئەشکەنجەدان و زیندان بۆتەوەولەسەر ئەوەی کەبڕوای پێیەتی وەلەسەر ئـــەوەی دەنگی هەڵبڕیوەو هەڵەو کەموو کورتییەکانی دەست نیشان کردووە. ئیتر ئەبوایەتەنها ئەوەگوومانەکانی لا بڕەواندیتایەوەکەمن کەسێکی سەربەخۆم نەک پارێزەرو ڕاسپێردراوی هەرکەسێکی تر وەپێویست ناکات وەڵامی ئەوان بدەمەوەتەنها ئەوەدەنووسم کەبەپێویستی ئەزانم بنوسرێت و بووترێت، وەتا نوسینی ئەم بابەتەش هیچ وەڵامێکت نەدراوەتەوەسەبارەت بەو بابەتەت لەلایەن هیچ کەسێکەوەئەوەبەبڕوای من مانای ئەوەیەکەنوسینەکەت کێشی نییەبۆیەوەک خۆت دەڵێیت (قـــاز) ێک وەڵامی دایتەوە.

4. بەداخەوەکەهەزارەها خوێنەری کوردستان پۆست وێنا ئەکەیت بەوانەی کەلەحاڵی خۆیان بێزارن و کەس نییەقسەی پێ بڵێن و جێگایەک نییەڕووی تێ بکەن ئەوا دێن لەو (وەک دەڵێیت چایخانەدا چایەک دەخۆنەوە) ئەوەسووکایەتی کردنەبەهەستی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک چونکەلەوانەیە(ئەگەر بەهەر با ک گراوندێکەوە) تۆ موعجیب نەبیت بەکوردستان پۆست بەڵام پێم وایەخەڵکێکی زۆر هەن کەبەئازادی خۆیان دەڕۆنەسەر ئەو ماڵپەڕەو گوێ لەئازارەکانی خۆیان دەگرن تێیدا، مافی ئەوەبەخۆت مەدەکەبۆ خەڵکی دیاری بکەیت سەیری چ بکەن و چ بخوێننەوە، ئەوەپێویستەبڕیاری خەڵک بێت.

5. پێویستەئەوەشت بیر خەمەوەکە(ئەگەر هەولیر ئەو بەهەشتەبێت کەتۆ باسی دەکەیت) ئەوا هـــەولیر هەموو کوردستان نییە! شارێکەلەکوردستان و ئەگەر تۆ لەکوردستان دەژیت ئەبێت لەمن زیاتر (کەلەدەرەوەم) هەست بەدادو هاوارو کەموو کورتی و زۆرو ستەم ی دەسەڵا تەگەندەڵەکان ی کوردستان بکەیت، من لەتۆ دەپرسم: ئەو کوردستانەبەهەشتەبۆچی لەو خەڵکەو بەتایبەتی لەلاوان بۆتەدۆزەخ و هەر کەس بەهیوایەزووتر لێی هەڵبێت؟

6. بەکارهێنانی ئەو زمانی هەڕەشەیەت زۆر گومانم لادروست دەکات چونکەوەک جاری پێشووش پێم ووتی زمانی هەڕەشەزمانی دەسەڵات دارانی کوردەنەک هی نوسەر!

هیوا دارم تۆو هەر کەسێک ی تریش کەدەنووسن هەمیشەسڵ لەووتنی ڕاستی یەکان نەکەنەوەو هەر بەو چاوەی کەکەموو کووڕییەکانی نەیا رانتان دەبینن هی دۆستانیشتان ببینن ئەگینا هەمیشەجەماوەر سەرگەردان دەبێت و ڕاستییەکانیان لێ ئاوەژوو دەبێت.

سڵاو لەهەموو دەنگێکی ئازادو قەڵەمێکی ڕاست گۆ

لەندەن